سیناریۆی کورتە
دراما

# دوو خولەک
# سیناریۆی کورتە دراما

وەشانی ڕوونکراوە بۆ ڕاهێنەرەکان: لەم لاپەڕانەدا دەتوانن سیناریۆ پێشنیارکراوەکان بۆ ڕاهێنانی دانیشتنی ٤ ‹دوو خولەک سیناریۆی کورتە دراما› بدۆزنەوە. هەر سیناریۆیەک سێ پێشێلکاریی ئازادیی ئایین یان باوەڕ دەگرێتەوە، هەروەها ٥ سیناریۆ کە دەتوانیت هەڵی بژێریت.



سیناریۆی کورتە
دراما

سیناریۆ:

## لەسەر شەقام و لە شوێنی کار

ژنێک بەرەو کارەکەی لە ڕێگادایە. پۆشاکێکی پۆشیوە کە ڕەنگدانەوەی ناسنامەی کەمینەی ئایینەکەیەتی. ڕێبوارێک بەهۆی پۆشاکەکەیەوە هەراسانی دەکات. هیچ کەسێکیش هاوکاری ناکات. ژنەکە ئەفسەرێکی پۆلیس دەبینێت و داوای یارمەتی لێ دەکات. هەراسانکارەکە ڕادەکات بەڵام ئەفسەرەکە بە هیچ شێوەیەک یارمەتی نادات. ئەو دەگاتە نووسینگەکەی و هاوڕێیەکی پایەنزمتری کاری دەبینێت کە ئاهەنگی بەرزکردنەوەی پلەکەی دەگێڕێت. بەڵام ئەو بەرزکردنەوەی پلەکەی پێ نادرێت.

**کەسایەتییەکان**

**کەسایەتییە سەرەکییەکان:** ژن، هەراسانکار، ئەفسەری پۆلیس، ڕێبوارێک، هاوڕێی کار

**کەسایەتییە زیادەکان:** هاوڕێی کار و ڕێبواری زیادە

سیناریۆی کورتە
دراما

سیناریۆ:

# شوێنەکانی پەرستن

گرووپێکی کەمینەی ئایینی پارچەیەک زەویان کڕیوە و لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە مۆڵەتی دروستکردنی شوێنی پەرستنیان پێ دراوە. دەست بە بیناسازییەکە دەکەن بەڵام بیناکە بە بەردەوامی تێکدەدرێت. پەیوەندی بە پۆلیس و دەسەڵاتدارانی ناوخۆییەوە دەکەن، ئەوانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ناتوانن هیچ لە بارەیەوە بکەن. لە کۆتاییدا شوێنەکە بونیاد دەنێن، بەڵام هەر جارێک خەڵک بۆ پەرستن دەچن، لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگای زۆرینەوە ڕووبەڕووی هەراسانکردن و قسەی نەشیاو دەبنەوە.

**کەسایەتییەکان**

**کەسایەتییە سەرەکییەکان:** دوو ئەندامی کۆمەڵگەی کەمینە، ئەفسەری پۆلیس، نوێنەری دەسەڵاتداری ناوخۆیی، دوو ئەندامی کۆمەڵگای زۆرینە

**کەسایەتییە زیادەکان:** ئەندامی زیادەی کەمینە یان زۆرینە

بڵاونامەکان | دانیشتنی ٤

سیناریۆی کورتە
دراما

سیناریۆ:

# ئازادیی ئایین یان باوەڕ لە خوێندنگە

کوڕێکی ١٢ ساڵان لە کۆمەڵگای کەمینە دەچێتە خوێندنگەیەکی سەرەتایی حکومیی، ئەمڕۆش ڕۆژێکی ئاسایی خوێندنگەیە. ڕۆژەکە بە نوێژکردن لە نەریتی ئایینی زۆرینە دەست پێ دەکات، کە ئەویش پێویستە بەشداریی تێدا بکات. پاش نوێژەکان، دەچێتە وانەی مێژووەوە و مامۆستاکە بە شێوازێکی گاڵتەئامێز کتێبێک دەخوێنێتەوە دەربارەی کۆمەڵگای ئایینی کەمینەی کوڕەکە. لە کاتی پشووەکەدا پاش وانەکە، هاوپۆلەکانی بەهۆی ناسنامە ئایینییەکەیەوە گاڵتەی پی دەکەن و لە یارییەکانیان دووری دەخەنەوە.

**کەسایەتییەکان**

**کەسایەتییە سەرەکییەکان:** کوڕێک، مامۆستایەک بۆ ئەنجامدانی نوێژەکان/ وانەی مێژوو، دوو هاوپۆل

**کەسایەتییە زیادەکان:** مامۆستا و هاوپۆلی زیادە

سیناریۆی کورتە
دراما

سیناریۆ:

# ئازادیی ئایین یان باوەڕ لەناو خێزان

کچێکی ١٧ ساڵان دەیەوێت بچێت بۆ زانکۆ تاوەکوو ببێتە مامۆستا. دایک و باوکی ڕەتی دەکەنەوە ڕێگەی پێ بدەن. لەبری ئەمە، دەیانەوێت هاوسەرگیریی بکات و شەرەفی خێزانەکەیان بپارێزێت. ئەوان مشتومڕیانە لەسەر ئەوەی ئایینەکەیان بڕەو بە پەروەردەکردنی کچان نادات و ڕۆڵی ژنان ئەوەیە لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە. کچەکە لەگەڵ ئەو باوەڕەدا ناکۆکە و دەیەوێت بڕیاری خۆی بدات. بەهۆی ترسی لە هاوسەرگیریی زۆرەملێ، ڕادەکات و لەگەڵ هاوڕێیەکی کچی گەورەتر لە خۆی، لە شارێکی تر دەمێنێتەوە. خێزانەکەی لەبارەی دیارنەمانی کچەکەیان پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە. کاتێک دەیدۆزنەوە، پێچەوانەی ویستی کچەکە خۆی، پۆلیس ڕەوانەی خێزانەکەی دەکاتەوە. ڕۆژی دواتر کچەکە هاوسەرگیریی لەگەڵ پیاوێک دەکات کە هەرگیز نەیبینیوە و ڕێگەی پێ نادرێت لە ماڵ دەربچێت.

**کەسایەتییەکان**

**کەسایەتییە سەرەکییەکان:** کچێک، دایک و باوکی، هاوڕێیەک، ئەفسەری پۆلیس، هاوسەری کچەکە

**کەسایەتییە زیادەکان:** ئەندامی خێزانی زیادە، ئەوکەسانەی دەچنە ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە، ئەفسەری پۆلیسی زیادە

بڵاونامەکان دانیشتنی ٤

سیناریۆی کورتە
دراما

سیناریۆ:

# قسەکردن- سەرکۆنەی گەندەڵی و پێشێلکاریی

کچە خوێندکارێکی زانکۆ لە زانکۆیەکی دەوڵەت، ڕاپۆرتی هەراسانکردنی زایەندیی لە لایەن پرۆفسیۆرێکەوە بە ڕۆژنامەی خوێندکاران دەدات. خوێندکارێکی ڕۆژنامەنووس چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەری زانکۆکە سەربارەت بە پەڕاوەکە دەکات. زانکۆکە دەیەوێت چیرۆکەکە پەردەپۆش بکات، بۆیە دەنگۆیەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکەنەوە و دەڵێن گوایە خوێندکارە ڕۆژنامەنووسەکە ڕەخنەی سەرکردە ئایینی و باوەڕدارەکانی کردووە. گرووپێکی توندوتیژ بۆ خۆپیشاندان لە زانکۆ کۆ دەبنەوە، خوێندکارە ڕۆژنامەنووسەکە و ڕۆژنامەکە بە کوفرکردن تۆمەتبار دەکەن. زانکۆکە ئەمە وەک بیانوویەک بۆ داخستنی ڕۆژنامەی خوێندکاران بەکار دەهێنێت. هەروەها پۆلیس ڕۆژنامەنووسەکە بە گومانی کوفرکردن دەستگیر دەکات.

**کەسایەتییەکان**

**کەسایەتییە سەرەکییەکان:** خوێندکار، ڕۆژنامەنووس، بەڕێوەبەرایەتیی زانکۆ، دوو ئەندامی گرووپێک، ئەفسەری پۆلیس

**کەسایەتییە زیادەکان:** ئەندامانی گرووپەکە